با هیچ پیاوێکی ئیماندار ڕقی لە ئافرەتێکی ئیماندار نەبێتەوە، ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی بێت؛ ئەوا ڕەوشتێکی تری لا پەسەندە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «با هیچ پیاوێکی ئیماندار ڕقی لە ئافرەتێکی ئیماندار نەبێتەوە، ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی بێت؛ ئەوا ڕەوشتێکی تری لا پەسەندە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە پیاو ڕقی لە خێزانەکەی بێتەوە ؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ستەم لێکردنی و پشتلێکردنی و وازلێهنانی، بوونی کەموکورتی لە سروشتی مرۆڤدایە، ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی خراپی خێزانەکەی بێت ؛ ئەوا ڕەوشتێکی جوانی بەلاوە پەسەندە، بۆیە دەبێت ڕازی بێت لێی بەو ڕەوشتە جوانانەی هەیەتی، وئارام بگرێت لەسەر ڕەوشتە ناشیرینەکان، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئارامگرتن وڕقی لێ نابێتەوە بەشێوەیەك کە لێی جیا بێتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3071